# کامێرایەکی چاودێری بۆ کاتە مەترسیدارەکان




کامێراکانی چاودێری زۆربەیان ئەرکیان تەنیا ئەوەیە کە فیلم و دیمەنەکانی رۆژ ئەو شوێنەی کە چاوی کامێرا زۆمی لەسەرە تۆمار بکات، تا لە کاتی رووداوێکدا بە پشت بەستن بە فیلمە تۆمارکراوەکان چۆنییەتی رووداوەکان نیشان بدرێن..

چەند ساڵێکە کامێراکانی چاودێری و ئەمنییەت سیستەمی هۆشمەندی و زیرەکیان پێوە زیاد بووە، واتە تەنیا ئەوکاتانەی کە رووداوێکی نەخوازراو و شتی گوماناوی ببینن فیلمەکان تۆمار دەکەن، یان جیاوازی لە نێوان گیانلەبەری ماڵی و مرۆڤدا دەکەن، یا وێنەی روخسارەکان دەناسنەوە.

سیستەمی ئەمنییەتی HomeKit لەوەش زیاتری تێپەڕاندووە، ئەم سیستەمە فیلمەکانی بە کوالیتی 4Kن و ئاستی کوالیتیان بەرزە. لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە ناسینی روخسارەکان و لێکجیاکردنەوەی مرۆڤ و گیانداران، حاڵەتە مەترسیدارەکانیش هەست پێدەکا، بۆ نموونە ئەگەر هەست بە کرانەوەی گاز بکات، یان هەست بکا دووکەڵ ژوورەکەی داگرتووە، یان بۆنێکی سەیر دێت، یا ژوورەکە ئاو چۆتە ناوییەوە، یا ئاگر کەوتووە و شۆرتی کارەبا هەیە، بۆ گشت حاڵەتێکی مەترسی زەنگی ئاگادارکردنەوە و لێدەدات و بۆ ئەو مۆبایل و کۆمپیوتەرانەی پەیوەندی پێیانەوە هەیە پەیام بەرێ دەکات. سیستەمی چاودێری ئاماژە بۆ کراو لەگەڵ سیستەمی (سێری گوگل) لە پەیوەندی دایە و دەکرێت بە دەنگیش فەرمانیان پێ بدەی، بۆ نموونە لە رێگای دوورەوە بە دەنگ کامێراکان بسوڕێنی و دیمەنەکان سەیر بکەی.

# سکرین لە تەختەدارێکدا




بۆ نیشاندانی داتا و زانیارییەکان وەك سەیرکردنی فیلم و داتا و زانیارییەکان پێویست بە سکرین یا شاشە دەکات. سکرین بە گشتی لە شتێکی وەك شووشە و جام پێکهاتووە، رەنگە بە زەینی کەسدا نەیەت کە رۆژێك بکرێت لە تەختەدارێك شاشەیەك دروست بکرێت، داتا و زانیارییەکان لەسەر تەختەدارێك نیشان بدرێن..

شاشەی سمارتی جۆری mui سکرینێکە لە داردا.

هەرچەندە لەسەر تەختەدارێك ناکرێت فیلم و وێنە سەیر بکرێ، بەڵام وردە زانیاری وەك نیشاندانی کەش و هەوا، رووناکی گلۆپەکانی ژوورەوە، سپیکەرەکان و رۆژمێری و کاتژمێر نیشان دەدرێن. بەکارهێنەر بە دەست لێدان لە تەختەدارەکە و پەنجەراکێشان بۆ لایەك، چەند بازنەیەك دەبینێ کە هەرکام لەوانە کارێکی تایبەت ئەنجام دەدەن وەك، رێکخستنی هەوای ژوور، راگرتن و هەڵکردنی مۆسیقا، کوژاندنەوە و هەڵکردنی گلۆپەکان..



# لاپتۆپێک گۆڕانکاری لە جیهانی گەیمدا پێکدێنێ

کۆمپانیای asus لە جیهانی بەرهەمهێنانی لاپتۆپ و کۆمپیوتەردا ناوێکی ناسراوە، یەکێکە لە کۆمپانیا بەناوبانگەکانی جیهان. لە پێشانگای ساڵانەی ces2019دا، لاپتۆپی جۆری (ASUS ROG mothership)ی خستەڕوو، لاپتۆپێك دەکرێت بڵێین گۆڕانکارییەك لە جیهانی لاپتۆپەکانی گەیمدا.

کاتێك باسی لاپتۆپ یان کۆمپیوتەری گەیم دەکرێت بەو مانایە نییە ئەو لاپتۆپە یان دیسکتۆپە تایبەتە بە گەیم، بەڵکو بە واتای بەهێزترین لاپتۆپ یا دیستکۆپ دێت، چونکە بۆ جیهانی گەیم دەبێت لە بەهێزترین پارچەکان پێکهاتبێ..

لە بواری سەختەئامێرەوە لاپتۆپی ناوبراو لە ریزی بەهێزەکاندا دێت، شاشەکەی ١٧,٣ ئینجە، کوالیتیەکەی فول ئیچ دییە و کارتی گرافیکی زۆر بەهێزە و رامەکەی ٦٤ گیگابایتە، لەم لاپتۆپەدا دەکرێت سێ هاردی بەهێزی بۆ دابندرێت.

# رۆبۆتێک چاودێری تەندروستی بەکارهێنەرەکەی دەکات



زۆربەمان فیلمی «شەڕی رۆبۆتەکان» و فیلمەکانی پەیوەندیدار بە رۆبۆتمان دیوە، ئەگەرچی زۆربەیان فیلمی خەیاڵی زانستین، بەڵام دوور نییە خەیاڵییەکان ببن بە واقیعی و لە جیهانی واقعیشدا رۆبۆتەکان هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ژیانمان داگیر بکەن و مرۆڤ ببێتە دیلی رۆبۆتەکان، هەروەك رۆبۆتە نوێیەکەی سامسۆنگ bot cara.

رۆبۆتی bot cara چاودێری وردی تەندروستی بەکارهێنەرەکەی دەکات، رۆبۆتەکە لە پێشانگای ساڵانەی CES2019دا خرایەڕوو، تواناکانی گەلێکن و زیاتر پەیوەندیدارن بە چاودێری تەندروستی مرۆڤەکان.

ئەو ئەرکانەی رۆبۆتی ناوبراو ئەنجامیان دەدا پەیوەندیان بە تەندروستی و ئاگاداری و چاودێری پزیشکییەوە هەیە، وەك: رۆژانە لە هەموو روویەکەوە تەندروستی بەکارهێنەرەکەی هەڵدەسەنگێنێ، بۆ نموونە زەختی دەگرێ، لێدانی دڵی دەگرێ، رێژەی شەکرەی دەپێوێ، ئەوەی پەیوەندی بە تەندروستیەوە هەیە ئەنجامی دەدا. ئەگەر هەستی بەوە کرد کێشەیەکی هەیە لە تەندروستیدا ئاگاداری دەکاتەوە، یانی لایەنی پەیوەندیدار وەك دکتۆری تایبەت و سەرپەرشتیار و نزیکانی بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە.


کۆنترۆڵی خەوی دەکات، لەکاتی پێویستیدا بۆ ئارامی دەروونی و لابردنی نیگەرانی و سترێس گۆرانی بۆ لێدەدا.

رێنوێنی پزیشکی دەکات.

# کاتژمێرێک بۆ کاتە مەترسیدارەکان

سەردەمی کاتژمێرە سمارتەکانە، هەرجارە و کاتژمێرێکی سمارت بە توانا و تایبەتمەندی نوێوە بەرهەم دێت، کاتژمێری سمارتی جۆری Vívoactive 3 Music یەکێکە لەو کاتژمێرانە کە لە پێشانگای سالآنەی CESدا خرایەڕوو. ئەم کاتژمێرە بەرهەمی کۆمپانیای گارمێنی ئەمەریکییە. بۆخۆی راستەوخۆ بێ یارمەتی مۆبایل هێڵی ئینتەرنێت وەردەگرێ و تۆڕی خێرایی LTE و هەروەها G4ی هەیە. بە جارێك شەحن کردنەوە تا پێنج رۆژ تەنیا بۆ کاتژمێر و کات نیشاندان سوودی لێوەردەگیردرێ، بەڵام بۆ گوێگرتن لە مۆسیقا و بەکارهێنانی ئینتەرنێت شەحنی زوو دادەبەزێت.

کاتژمێری ناوبراو زیاتر بۆ گوێگرتن لە مۆسیقی و گۆرانییە، هەرچەندە کورتە پەیام بەڕێ دەکات و چاودێری و زانیاری لە بارەی گشت چالاکییەکی رۆژانەی جەستەیی تێدایە.




خاڵی جێگای سەرنج لە کاتژمێرەکەدا سیستەمی ئەمنییەتییە، کاتژمێری ناوبراو هەست بە رووداوەکان دەکات و بۆ نموونە ئەگەر بەکارهێنەرەکیە لە بەرزایی بکەوێتەوە خوار، یان تووشی پێکدادان بێت، ئۆتۆماتیکی شوێنەکانی فریاکەوتن یا ئەو ژمارانەی پێشووتر بۆی داندراون ئاگادار دەکاتەوە.

گەر بەکارهێنەر هەست بە مەترسی بکات و دەتوانێت دوگمەی مەترسی کە لەسەر کاتژمێرەکە هەیە پێنج چرکە دابگرێ و کورتەپەیامێك بۆ ئەو کەسانە دەڕوات کە پێشتر بۆ ئەو مەبەستە دیاری کردوون. بە چالاك کردنی "garmin liveTrack" دەستبەجێ شوێنی جوگرافی خۆی بۆ هاوڕێیان و کەسە نزیکەکانی خۆی بەڕێ بکات. بۆ شۆفێران تایبەتمەندییەکی تێدایە ئەگەر هەست بەوە بکات شۆفێرەکە خەونووچکە دەیباتەوە یان تووشی دڵەراوکی و نیگەرانی بووە زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیارێك ئاراستە دەکات و دەڵێت، میمۆرییەکی تازەم بۆ مۆبایلەکەم کڕی، بەڵام کاتێك خستمە سەر مۆبایل نەیخوێندەوە، لەسەر مۆبایلەکەم نووسرابوو ئەم میمۆرییە کۆنە ئەمە یانی چی؟

خوێنەری بەڕێز کاتێك نیازت هەیە میمۆری بۆ مۆبایل بکڕی، دەبێ سەرەتا سەیری میمۆرییەکە بکەی کە بە جگە لە قەوارەی میمۆرییەکە ژمارەیەکیان لە پەنا نووسراوە وەك (٢،٤،٦،٨،١٠..) ئەگەر مۆبایلەکەت نوێ بێ، ئەوە دەبێت لە ژمارە (٨) کەمتر نەبێ، چونکە ژمارەکانی خواروتر بۆ سیستەمە کۆنەکان دەگونجێن. کاتێك میمۆرییەك بە ژمارەکانی (٢،٤) بخەیە سەر مۆبایلێکی نوێ ئەو فەرمانە دێت کە ئەم میمۆرییە لەگەڵ ئەم مۆبایلە ناگونجێت، بۆیە گەر سەیری نرخیشیان بکەی لە بازاڕ ئەو جۆر میمۆریانە هەرزانن و بە بەراورد بە ژمارەکانی (٨،١٠)، گەرچی قەوارەکەشیان هەربەقەد یەکە، جا بۆیە دەبێ زۆر ئاگاداری بن لەکاتی کڕینی میمۆریدا..

## بەهێزترین پرۆگرامی دژە هاک

هاك (hack) بەو کردارە دەگوترێت کە یەکێك یان لایەنێك بەمەبەستی دزە کردنە ناو داتا و زانیاریەکانت هەوڵبدا کۆمپیوتەرەکەت بخاتە ژێر دەستی خۆی. هاك کردن زیاتر لە ڤایرۆس زیانی بۆ بەکارهێنەرەکەی هەیە، چونکە ڤایرۆس داتا و زانیارییەکان تێکدەدا یان دەسڕێتەوە، بەڵام هاککەر داتاکان دەدزێ و بۆ مەبەستی خۆی سوودی لێوەردەگرێ.

پرۆگرامی UnHackMe یەکێکە لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەم بوارە. ئەم پرۆگرامە سیستەمەکەت دەپارێزێ لە هاك کردن.

کارکردی پرۆگرامەکە بەم شێوەیە لەسەرەتادا سیستەمی ویندۆزەکەت هەڵدەسەنگێنێ، ئەگەر پێشووتر پرۆگرامێك یان فایلێکی تێکدەری تێدابێ کە مەترسی هاککردنی لەسەر بێ دەیسڕێتەوە.

بەشێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی پرۆگرامەکە:

- بەرگری کردن لە هاك کردن.
- سکانکردنی سیستەم دوای دابەزینی پرۆگرامەکە.
- دانان و خشتەبەندی پرۆگرامەکە بۆ کاتێکی دیاریکراو.
- گەڕاندنەوەی ئەمنییەتی تەواوی کۆمپیوتەرەکە ئەگەر لە پێشوودا هاك کرابێ.



# قفڵی ژیرۆک بە پێنج جۆر دەکرێتەوە



قفڵ و کلیل بەشێوەی کلاسیکیەکانی نامێنن، سەردەم بە سمارت بوونی ئامێرەکان، قفڵ و کلیلیش ژیرۆك بوونە.. کلیل هەر ئەو پارچە ئاسنە بچووکە نییە کە قفڵ بکاتەوە، دەکرێ کلیل پەنجەمۆری خۆت بێت، دەکرێ پەسۆرد بێت، دەکرێت مۆبایل و کاتژمێری هۆشمەند بێت، دەکرێ...تاد.

قفڵی سمارتی جۆری secure pro کە بەرهەمی کۆمپانیای lockly‌یە بە پێنج جۆر دەکرێتەوە و دادەخرێت. کیبۆردێکی بچووکی پێوەیە و دەکرێت کۆدی نهێنی لێبدەی و بکرێتەوە. بە پەنجەمۆر دەکرێتەوە و لە رێگای ئاپێکی تایبەتی مۆبایلیش دەکرێتەوە. ئەگەر بەکارهێنەر هەر حەزی لە شێوەی کلاسیکی کردنەوەی قفڵەکە بوو، ئەوە بە کلیلیش دەکرێتەوە. گرنگتر لە هەمووی ئەوانەش دەکرێت بە دەنگی بەکارهێنەرەکەشی بکرێتەوە و یان تەنانەت لە رێگای دوورەوە بە دەنگ بیکەیەوە چونکە لەگەڵ سیستەمی دەنگی گوگڵ و ئەلیکسا پەیوەندی هەیە.



## ماڵپەڕێک بۆ وەرگرتنی فیلمەکانی فەیسبوک

هاوڕێیانت لە فەیسبوك رۆژانە فیلم دادەبەزێنن، بەڵام هەرچەند دەکەی ناتوانی بە چ جۆرێك ئەو فیلمانە وەربگری و لەسەر مۆبایل یان لاپتۆپەکەت دایان بەزێنی، بە چەندین شێواز دەکرێت ئەو فیلمانە دابەزینی، بەڵام ئاسانترین شێوە، ئەوەیە یەکێك لەو ماڵپەڕانە بەکار بێنی کە بۆ ئەم مەبەستە داندراون، ماڵپەڕی، /http://www.video-fb.com ماڵپەڕێکە هەر راست بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، لەسەرەتادا ئەدرەسی ئەو فیلمەی مەبەستتە دایبەزێنی کۆپی بکە و پاشان ئەو سایتە بکەوە و لە شوێنێکدا کە بۆ ئەم مەبەستە داندراوە دایبنێ و فیلمەکە دەکرێتەوە و کلیکی لای راستی ماوس دابگرە و فەرمانی دانلۆد دابگرە و فیلمەکە بە ئاسانی دادەبەزێت.

# ئامێرێک بۆ زانیاری لەسەر pHی پێست



بۆ لێکدانەوەی pHی پێست، لەمەولا پێویست بەوە ناکات سەر لە دکتۆری پێست بدەی و ئەویش بۆ تاقیگەت بنێرێ و کۆڵێك خەرجت بۆ زیاد بکا، بە سوود وەرگرتن لە ئامێری my skin track pH دەکرێت لە ماوەی چەند خولەکێکدا رێژەی pHی پێستی خۆت بزانی.

لە راستیدا ئەمە ئامیرۆکە لە ریزی ئامێریش نایەت، چونکە تەنکۆڵەیەکە بەقەد پلاستەری برین و بچووکتریش، هەستەوەرێکی بچووکە کە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت. هەستەوەرەکە دەکرێت لە هەر شوێنێك لە جەستە بدەی و پاشان بەهۆی ئاپێکەوە لە مۆبایلدا دەکرێت زانیاری لەبارەی رێژەی شێی پێست واتە pH بزانی.

رێژەی تەڕایی پێست pH دەبێت لە نێوان ٤,٥ بۆ ٥,٥ دابێت تا تایبەتمەندی ترشەلۆکی پێویستی بپارێزرێت. ئەگەر pH لەو رێژەیە کەمتر یا زیاتر بوو گرفت بۆ پێست دێتە پێش، ئەگەر زیاد بێ ئەوە تووشی سووڕهەڵگەڕانی پێست و ئەگەر کەمیش بێت پێست وشك دەبێتەوە ئەمەش دەبێتە هۆی چەندین نەخۆشی پێستی.

بەکارهێنانی ئەو هەستەوەرە زۆر ئاسانە تەنیا ١٥ خولەك لە جەستەی بدە وەك لەزگە پێوەو دەنووسێ پاشان لە رێگای مۆبایلەوە زانیاری لەبارەی پێستەوە وەربگرە.